# نوێنەر لە جێبەجێکردنی بابەتە فەرمیەکاندا یارمەتیت دەدات



تۆ بەبێ سەرپەرشتیار هاتووی بۆ فینلاند. بەڵام تۆ تەنیا نیت، یارمەتی لە زۆر کەسی گەورەتەمەن وەردەگریت. هەموو ڕۆژێک، لەلایەن کارمەندانی سەنتەری پێشوازی یان ئەو خێزانەی کە لەگەڵیدا دەژیت چاودێریی خۆشگوزەرانیت دەکرێت. جگە لەوەش لەلایەن نوێنەرێکەوە یارمەتیت دەدرێت کە ئەرکی دڵنیابوونە لەوەی کە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا بەرژەوەندییەکانت لەبەرچاو بگیرێن. لە فینلەندا کەسێک کە تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵەوەیە ناتوانێت بە تەنیا مامەڵەی بابەتە فەرمییەکان بکات، هەر بۆیەش نوێنەرێکت بۆ دیاری دەکرێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات.

## نوێنەر چی دەکات؟

- نوێنەر یارمەتیت دەدات لە جێبەجێکردنی کاروبارەکان لەگەڵ کاربەدەستان. ئەگەر بۆ نموونە سەردانیی فەرمانگەی کۆچ یان پۆلیس بکەیت، ئەو لەگەڵت دەبێت.
- نوێنەر بۆچوونی تۆ لەبارەی بابەتەکانەوە ڕوون دەکاتەوە و دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە بۆچوونەکەت لە بابەتە پەیوەندیدارەکانتدا لەبەرچاو دەگیرێت.
- هەروەها نوێنەر بۆچوونی خۆی بە کاربەدەستان دەڵێت کە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا چی لە بەرژەوەندی تۆدایە.
- نوێنەر  لەگەڵ  ئەو کەسە گەورەتەمەن و کارمەندانەی کە کارەکانی تۆ جێبەجێ دەکەن هاوکاری دەکات.
- کاری نوێنەر ئەوەیە کە ئاگاداربێت لەوەی کە تۆ زانیاری لەسەر کاروبار و مافەکانی خۆت وەربگریت.
- ئەگەر پێویست بوو نوێنەرەکەت پارێزەرت بۆ دەگرێت.
- ئەگەر تەمەنت لە خوار ١٥ ساڵەوە بێت، نوێنەرەکەت لە جیاتی تۆ  ئەو گرێبەست و داوانامە و دەسنووسانە واژۆ دەکات کە پەیوەندییان بە تۆوە هەیە.

## نوێنەر چی ناکات؟

- نوێنەر ئاگاداریی خزمەت و چاودێری و پەروەردەی ڕۆژانەت ناکات و ناتوانێت بتباتە لای خۆی بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بژیت. لە ژیانی ڕۆژانەدا  کارمەندانی سەنتەری پێشوازی یان ئەو گەورەتەمەنانەی کە لەگەڵیان دەژیت ئاگادار یت دەکەن.
- نوێنەر شتومەکت بۆ ناکڕێت یان پارەت بە قەرز  پێ نادات.
- نوێنەر بۆی نیە بەبێ مۆڵەتی تۆ باسی بابەتەکانی تۆ بۆ کەسانی تر بکات.